ژیان و خەباتی کۆمۆنارێکی سۆشیالیستی سۆڕشگێڕ

# لیئو فرانکێل

٢٨ ی فیبریوەری ١٨٤٤ ـ ٢٩ی مارسی ١٨٩٦



لئو فرانکێل؛ هەڵسووڕاوی کرێکاریی، سۆشیالیست و یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی کۆمۆنی پاریس بوو. لە ٢٨ی فێبریوەری ١٨٤٤ لە نزیک شاری بوودا Buda بەشێکی کۆن لە بووداپێستی ئێستا، لە دایکبووە.

لیئو فرانکێل لەگەڵ زۆرێک لە شۆڕشگێرانەی وەک بێبێل Bebel و ژاکوبی Jacoby ئاشنادەبێت. ئەم دوو کەسە کە لە قەڵای کۆنێگس شوارتس Koenigschuarts لە زیندان ئەویان ئاشنای بیروڕاکانی سۆشیالیستی کرد.

لە ساڵی ١٨٦٧ لیئو فرانکێل بە هۆکاری سەرکووتکردن لە ئەڵمانیا ناچاردەبێت بۆ لەندەن هەڵبێت. لە شاری لەندن کە بە تازەیی ئینتەرناسیۆناڵی یەکەم دامەزرابوو، پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لەگەڵ کارل مارکس درووست دەکات.

هەر لەو ساڵە لیئو بە یارمەتی کەسێک بە ناوی ڕیشارد Ricgard لقی ئینتەرناسیۆناڵی کرێکاریی لە شاری لیۆن Lyon دامەزراند. دواتر بەرەو پاریس بەڕێ کەوت و لەوێ وەک کرێکارێکی چاککردنی ئاڵتون، هەر ئەو کارەی کە لە هەنگاریا فێری بوبوو، دەست بە کار دەبێت.

لەم سەردەمە لیئو فرانکێل خاوەنی بنەما پتەوەکانی بیروباوەڕی مارکسیستی بوو. لە کاتێکدا کە لە لقی فەرەنسی ئینتەرناسیۆناڵ خەریکی خەباتی سۆشیالیستی بوون، لە فەرەنسا لەگەڵ ئۆژێن ڤارلێن دەبنە هاوڕێ، [ئۆژێن ڤارلێن لە شکستی شۆڕشی کۆمۆنی پاریس دەسگیر دەکرێت و تیرباران دەکریت بەدەستی سوپای ڤێرسای].

لە جولای ١٨٧٠، لئو فرانکێل لەلایەن دادگای باڵای شاری بلویس Blois بە تۆمەتی کاری پیلانگێڕی و بەشداریکردن لە ئەنجوومەنە نهێنییەکان، سزا دەدریت بە دوو مانگ زیندانیکردن و ٢٥ فرانک سزا مەحکوومکرا. ئەو لە دانیشتنی بەناوبانگی هەر ئەم دادگایە دەڵێت: **یەکێتی پرۆلیتارییاییەکانی تەواوی وڵاتەکان ڕوویداوە، هیچ هێزێک ناتوانێت ئەوان لە یەکتر جیابکاتەوە.**

ناسین و زانیاری ئەو لە ئابووری سیاسی دادگای تووشی سەرسوورمان کردبوو. لیئو لە شۆڕشی ٤ سپتامبەری ١٨٧٠ دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری و ڕاگەیاندنی کۆماری، لە زیندان ئازاد دەبێت.

ئەو لەم کاتەدا دەبێتە ئەندامی گاردی میلی، و ئەندامی کۆمیتە ناوەندی کۆماریخوازانی ناوچەی بیستەم. بەهاوکاری ئۆژین ڤارلێن کۆمیتەی فدراسیۆنی ئینتەرناسیۆنالی پاریس سەرلەنوێ پێکدەهێننەوە.

لئو لە هەڵمەتە شۆڕشگێڕیەکانی ٣١ـی ئۆکتۆبەری ١٨٧٠ و ٢٢ـی جەنیوەری ١٨٧١ بەشداری دەکات و لای شانی بریندار دەبێت. لە سەردەمی ئابلۆقەی پاریس لە شەقامی سباستیان St . Sebastie ژمارە ٣٧ دەژیا و بەردەوام چالاکانە یەکێک لە وتاربێژە سۆشیالیستەکانی یانەی ڕین بلانش Reine Blanche بوو.

لە پێنجی جەنیوەری ١٨٧١ کۆمسیۆنێک دیاری کرا تا ڕۆژنامەیەک وەک ناوەندی شووڕای فیدڕالی ئەنجوومەنی ئینتەرناسیۆناڵ بڵاو بکاتەوە. فرانکێل لە دانیشتنی دوانزەی جەنیوەری، کە ئەم کۆمسیۆنە تایبەت بوو بەم بابەتەوە دەڵێت: **ئێمە پێویستیمان بە ناوەندێک هەیە کە بیرۆکەکانمان بە ڕوونی شرۆڤە بکات. چۆن دەتانەوێت کرێکارێک کە هیچ شتێک نازانێت، فێری شتێک بێت؟ ئەمڕۆ لە گەڵ ئەو کرێکارانە قسە لە سەر کۆمۆن دەکەین. لە کاتێکدا کە ئەم وشەیە ئەو دەترسێنێت، نازانێت کۆمۆن چییە. لە کاتی دامەزراندنی کۆمار هیچ چالاکییەکمان ئەنجام نەداوە. ئەمڕۆ بۆرجوازی دژایەتی ململانێی سەخت لە گەڵ ئێمە دەکات. وەڵامەکەی دەبێت بە ڕۆژنامەیەکی توند و سەربەخۆ کە ئاڵای سووری کرێکاران بە پتەوی دەشەکێنێتەوە، بدەینەوە.**

بەپێشنیاری لیئو لە دانیشتنی ١٠ـی فیبریوەری١٨٧١ کۆمیتەی ناوەندی گارد، پێشنیاری کرد کە ڕۆژی هێرش و هاتنە ناوەوەی سوپاسی پرۆسییەکان بۆ پاریس، هەموو کرێکاران و خەڵکی پاریس ئاڵای سووری خۆیان هەڵکەن، هەروەک چۆن نەتەوەییەکان ئاڵای ڕەشی خۆیان هەڵدەکەن. هاوکات لەسەر ئاڵاکان دروشمی *کۆماری جیهانییە* نووسرایەوە.

١٨ـی مارسی ١٨٧١ کاتێک کە دەست بە شۆڕش کرا. کۆمیتەی ناوەندی هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی بەڕێوەبەرایەتی حکوومەتی کاتی لە ئەستۆ گرت، لە دانیشتنی شەوانەی ئینتەرناسیۆناڵی کرێکاری لە ٢٣ـی مارس لئو فرانکێل پێشنیاری

بەیاننامەیەکی کرد کە لەوێ بە هاوکاری پەرلەمانی فیدراڵی ئەنجوومەنەکانی کرێکاری، بانگهێشتی کۆمەڵانی خەڵک بکرێت کە دەنگ بە کۆمۆن بدەن.

٢٦ی مارسی ١٨٧١، لئو لە ناوچەی سیانزە دەبێتە ئەندامی کۆمۆن و ٢٩ی مارس وەک ئەندامی کۆمسیۆنی کار و ئاڵوگۆر کردنەوە دادەنرێت.

فرانکێل پێداگر بوو لە دارشتنی بەرنامەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و رۆڵی بەشی سەرەکی بە ئینتەرناسیۆناڵ بسپێرێت، پێشنیاری کرد کۆمسیۆنێک پێک بهێنرێت کە لە نێوان کۆمۆن و شووورای فیدراڵی پەیوەندی هەبێت. لە ٣٠ی مارس لە نامەیەک بۆ کارل مارکس نووسی:

ئەگەر بتوانین گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان درووست بکەین، شۆڕشی ١٨ی مارسی ١٨٧١، پڕ بایەخترین شۆڕشێک دەبێت کە مێژوو تا ئەمڕۆ بە خۆیەوە بینیوویەتی.

١٦ی ئەپریلی ١٨٧١ لە ژێر کاریگەری فرانکێل ڕێکارنامەیەک دەرکرا کە بریار وا بوو ئەو کارگانەی کە لەلایەن خاوەنەکانیان بەجێهێڵدراون لە لایەن ئەنجوومەنی هەرەوەزی ئەو کرێکارانەی کە لەو دامەزراوانە کار دەکەن کەڵکی لێ وەربگیرێت. ئەم فەرمانە، یەکەمین پێشنیاری گشتی هەنگاوی سۆشیالیستییە.

٢٠ی ئەپریلی ١٨٧١ لئو فرانکێل وەک نوێنەری کۆمسیۆنی کار و ئاڵوگۆر دانرا، لە ڕاستیدا ئەو تایبەتمەندییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بە بزووتنەوەی کۆمۆن بەخشی، ئەم کرێکارە ماندوونەناسە دەزانێت چۆن هاوکارەکانی فیداکار و شارەزایی خەباتی پرۆلیتاریا وەکوو **جۆرج بێرتین** Georges bertin **لازاری لیڤی** Lazae Levy و **ئیڤێت** Evetteلە گەڵ خۆی هاوڕا بکات.

لە وەڵامدانەوە بۆ داخوازییە ڕەواکانی کرێکارانی نانەواخانەکان، فەرمانێک دەردەکرێت کە کاری شەوانە لە نانەواخانەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. لە ٢٧ـی ئەپریل فەرمانێکی تر لە سەر قەدەغە کردنی *سزادانەکان* کە لەو کاتە شێوازێکی زۆر باو بووە دەردەکرێت.



**COMMUNE DE PARIS**

**MINISTÈRE DES TRAVAUX PUBLICS**

Après avoir consulté les boulangers, patrons et ouvriers,
Le délégué au département du Travail et de l'Échange

**ARRÊTE :**

**Article unique. Le travail dans les boulangeries ne pourra commencer avant 5 heures du matin.**

Paris, le 27 avril 1871.

*Le Délégué, membre de la Commune,*
Léo FRANKEL.

IMPRIMERIE NATIONALE. — Avril 1871.

*Décret supprimant le travail de nuit dans les boulangeries.*
*Affiche n° 212*

فرانکێل هەوڵیدا کە کاری ڕۆژانە کەم بکاتەوە، و خوازیاری ئەوە بوو ٨ کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندەدا بواری جێبەجێ کردنەکەی پێ نەدەدا .

لە پاڵ ئەم باردودۆخەدا، فرانکێل بە سەرکەوتنی ئاڤریال Avrial، توانی کار بۆ دە کاتژمێر کاری ڕۆژانەی بۆ کرێکارانی کارگەکانی لی لۆڤر L Louvre کە درووستکەرانی پارچەکانی تۆپخانە بوون، بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.



RÉPUBLIQUE FRANÇAISE

N° 52 — LIBERTÉ — ÉGALITÉ — FRATERNITÉ — N° 52

COMMUNE DE PARIS

COMMISSION DE TRAVAIL ET D'ÉCHANGE

ARTICLE PREMIER

Il est ouvert dans toutes les mairies un registre où le travailleur est appelé à inscrire : d'un côté, sa profession, de l'autre, ses besoins et ce qu'il offre de travail en échange.

ART. 2.

Il est également ouvert dans les mairies un registre sur lequel les compagnies, les entrepreneurs de toutes sortes, les usiniers, les fabricants, les négociants, etc., sont appelés à indiquer, par le moyen d'un cahier des charges explicatif, la nature et les avantages sociaux du travail qu'ils sont en mesure d'offrir.

ART. 3.

Les Administrateurs de chacune des mairies de Paris sont requis de mettre immédiatement à la disposition des intéressés les locaux, les registres et le personnel nécessaires à l'exécution du présent décret.

ART. 5.

Les intéressés sont invités à se réunir et à nommer dans leurs arrondissements respectifs une sous-commission, qui se mettra en rapport avec la Commission de Travail et d'Échange, nommée par la Commune et qui avisera avec elle aux résolutions à prendre.

*Les Membres de la Commission de Travail et d'Échange,*

B. MALON, L. FRANKEL, AVRIAL, E. PUGET, L. GERARDIN.

IMPRIMERIE NATIONALE. — Avril 1871.

*Pour mettre fin à l'exploitation dont sont victimes les demandeurs d'emploi, la Commission du Travail et de l'Echange supprime les placeurs, marchands d'esclaves institués par l'ex-police impériale et les remplace par des bureaux de placement municipaux contrôlant scrupuleusement l'offre et la demande de la main d'œuvre.*

لئـو گرنگـی بە چارەنووسـی پیشـەوەرەکان دەدا کە بە هۆکـاری کێشـەکانی ژیـانی ئـابووری سـەرچاوە گرتـوو لە ئـابڵوقەی شـاری پـاریس کەوتبـوونە بەردەم مەترسـی ژیانێکی قورس. هەر لەم ڕووەوە ئەو دەرفەتی دانانەوەی قەرزەکانی ئەوانەی لە ١٧ـی ئەپریل تـا ١٥ـی جولای خستە دواوە. بەڵام لە بـاری خاوەنکارەکانەوە چاوپۆشییەکی کەمتری نیشـاندا و پلانێکی گرنگی بۆ سـنووردار کردنـی قۆرخکاریە ئابوورییەکانیـان ئامادە کردبوو. **هەموو ئەوانەی کە داهاتی زۆریان لە سەردەمی ئابڵوقەی سەر پاریس کەڵەکە کردوە و پارەی کرێیان وەرگرتووە، بیگەڕێننەوە و بیرژێننە ناو سەندووقەکانی کۆمۆنی پاریسەوە.**

لئو فرانکێل لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی گرێبەستەکانی کەلوپەلە سەربازیەکان ڕادەستی *لازاری لێڤـی کـرد، کە ئەنـدامی ئینتەرناسـیۆناڵ* و ئەنـدامی دەسـتەی بەڕێـوەبەری پەرلەمانی فیدراڵی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان بوو.

لیڤی و ئیڤێت کاریان کرد بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کرێیانەی کە کرێکاران تێیدا زەرەرمەند بوون بە هۆکاری گرێبەستەکانیان لەگەڵ خاوەنکارەکاندا، وە چاودێری گرێبەستەکانیان دەکرد.
١٢ـی مانگی مەی لئو فرانکێل لە کۆکردنەوەی کۆتایی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەو دۆزە. باسی لەوە کرد چەند وشەیەک زیاتر نالێم و ئەوەش ئەمەیە کە: نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە شۆڕشی ١٨ـی مارسی ١٨٧١ بە تەنیا لە لایەن چینی کرێکار ئەنجامدراوە. ئێمە کە بڕوامان بە یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەگەر بۆ ئەم چینە کارێک ئەنجام نەدەین ئیتر هۆکارێک بوونی نییە کە خۆمان وەک کۆمۆن بزانین.
لئو پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە لە دەفتەری خەرجییەکان و *مەرجەکانی گرێبەستە دەوڵەتییەکان* کە لە لایەن بەڵێندەرەکانەوە واژووی لە سەر دەکرێت، کرێی مانگانە بۆ کرێکاران بە شێوەیەکی دیاریکراو یاداشت بکرێت تا بتوانن ئەو بەڵێندەرەی کە قازانجێکی زیاتر بۆ کرێکاران پێشنیار دەکات، هەڵبژێرین. گرێبەستەکان دەبێت زیاتر ڕادەستی سەندیکای کرێکاران بکرێت و نرخەکان بە ڕاوێژکاری، ئیدارەی بەڕێوەبردنی کارەکان و ژوورەکانی سەندیکای پیشەکان و نوێنەرانی دەزگای کار تۆمار بکرێت.
لە مانگی مەی ١٨٧١ لئو فرانکێل کۆمسیۆنێکی باڵای ژمێریاری دامەزراند کە بەرپرسی لێکۆڵینەوەی هەژمارەکانی تەواوی دەستەکانی نوێنەرایەتی بێت و داوا دەکات ئەو کارمەند و فرۆشیارانەی کە قۆرغکاری ئەنجام دەدەن، لە لایەن شوورایەکی جەنگییەوە دادگایی و سزا بکرێن.

لە ژێر کاریگەری ئەو، *کۆمسیۆنی داهێنان* پلانێکی بۆ داخستنی دامەزراوەی ناوبراو ***لۆمۆن دۆ پیتە*** ئامادە دەکات کە بەم ڕستانە کۆتایی پێ دێت: هەڵبەتە ئاشکرایە کە لە دوای داخستنی دامەزراوەی **لۆمۆن دۆپیتە**، دەبێت دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ببێتە جێگرەوەی ئەوانە تا لە کاتی بێکاری کرێکاران بۆ هاوکاری کردن و پاڵپشتی کردنی ئەوانە دەستەبەرێکی ڕاستەقینە بوونی هەبێت .
دامەزراندن کۆمۆن پەسەندی دەکات ، کە بۆ پارێزراو بوونی کرێکاران لە سەرمایەگوزاری سەرمایداران، ناوەندێکی نوێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانیان دابمەزرێت.




وێنەی: هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی لئو دۆپیتە و گەرانەوەی دارایەکان بۆ کرێکارانی پاریس

فرانکێل یارمەتیدەر بوو بۆ پێکهێنانی کۆمیتەی ژنان، کە لەلایەن ژنانی کۆمۆنار و لەناویشیاندا ژنە شۆڕشگێری رووسی بەناوی **ئیلیزابێت دمیتری یێف** Elisabeth Dmitrieff کە لە هاوڕێکانی کارل مارکس بوو. دمیتری پەرستار لە شۆڕشی کۆمۆندا چارەسەری برینداراەکانی دەکرد، دواتربوو بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی *کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی ژنان بۆ بەرگری لە پاریس .*

ئەم کۆمیتەیە، هاوکات لە لایەن کۆمسیۆنی کار و ئاڵوگۆر ڕادەسپێردرێت تا ڕێکخستنی کاری ژنان لە پاریس و پێکهێنانی ژوورەکانی یەکێتی و فیدراڵی ژنانی کرێکاری یەکگرتوو لە ئەستۆ بگرێت.

بە درێژایی هەفتەی خوێنین و بەرگریکردنی کۆمۆنارەکان لە دژی سوپای ڤێرسای بۆرژوازی لە نێوان ٢١ی مەی تا ٢٨ی مەی فرانکێل بەباوەڕی جەسورانە لە سەنگەرەکانی سەر شەقامەکان و لە پاڵ کۆمۆنارەکاند خەریکی شەڕکردن بوو، لە دژی سوپای ڤێرسای.

٢٥ـی مەی، فرانکێل لە گۆڕەپانی باستیل Bastille بریندار دەبێت، دوای ٣ ڕۆژ کە شۆڕشی کۆمۆنی پاریس شکستدەهێنێت ئیلیزابێت دمیتری یێف پەرەستاری لێدەکات، و سەرکەوتوو دەبێت لە دەستی جەلادەکانی سوپاسی ڤێرسای Versailles ڕابکات و بڕوات بۆ بەریتانیا.
لە کۆنفرانسی ئینترناسیۆنالی کرێکاری کە لە شاری لاهای La Haye لە سێپتەمبەری ١٨٧٢ بەڕێوە چوو، فرانکێل وەک نوێنەری فەڕەنسا بەشداری دەکات و پاڵپشتی لە ڕێبازی سۆشیالیستی کارل مارکس دەکات.

لە ١٩ـی سێپتەمبەری ١٨٧٢ *شەشەمین شورای جەنگی*، حکومەتی بۆرژوازی فەرەنسا بە بێ ئامادەبوونی فرانکێل خۆی بە تاوانی بەشداری لە کوشتن و بەشداری شۆڕشی کۆمۆنی پاریس، بە مەرگ سزادەدرێت، بەلام بەریتانیا بە هۆکاری نەبوونی بەڵگەی باوەڕپێکراو لە سەلماندنی تاوانبار بوون و تێوەگلانیەوە لە کوشتن، فرانکێل ڕادەستی فەرەنسا ناکاتەوە.
لیئو لە ساڵی ١٨٧٥ سەرەتا بۆ ئەڵمانیا دەڕوات، لەوێ دەردەکرێت و ناچار دەڕوات بۆ نەمسا، و لەوێش دەسگیر دەکرێت.
لەدوای ئازاد کردنی لە نەمسا ساڵی ١٨٧٦ ، لیئو فرانکێل بەرەو هەنگاریا دەڕوات و لە ساڵی ١٨٨٠ چالاکانە لە پێکهێنانی حزبی کرێکارانی هەنگاریا بەشدار دەبێت. لە فیبریوەری ١٨٨٢ بە هۆی بەشداریکردن لە مانگرتنە کرێکارییەکاندا بە دوو ساڵ زیندانی کردن سزا دەدرێت. لە دوای ئازاد بوونی لە زیندان، هەنگاریا جێدەهێڵێت. ئەو وەک هەڵەچن لە ڕۆژنامەی ***سۆشیالیست گلایشهێت*** چاپی ڤییەنا دەستبەکار دەکات.
سەرەنجام لە ساڵی ١٨٨٩ فرانکێل هەلی بۆدەڕەخسێت بۆ بەشداری لە *کۆنگرەی پێکهێنانی ئینتەرناسیۆنالی دووەم* و بۆ پاریس دەگەڕێتەوە. ئەو ئاشقانە پاریسی خۆش دەویست هەر بەم بۆنەیەوە هەندێ جار دەیگوت: *لە پاریس، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە برسێتیش بمرێت، دیسانەوە ژیان هەر جوانە.*

لە پاریس بە داهاتێکی کەم کە فرانکیل وەک ڕۆژنامەنووسی ***ڤۆروارتس*** وەریدەگرت بۆ کارەکەی بە دژواری بەشی ژیانی خێزانییەکەی دەکرد، کە هاوسەر و دوو منداڵی



ناوەندی کۆمۆن

هەبوو. فرانکێل لە ٢٨ـی مەی ١٨٩٥ بۆیەکەم جار سەردانی دیواری کۆمۆنارەکانی پاریس دەکات. ئەوجێگایەی هزاران کۆمۆناری هاوڕیی تیرباران و خەڵتانی خۆێنکران.

سەرەنجام لە یەکێک لە سەر لە ئێوارەکانی دیسەمبەری ١٨٩٥، لیئو فرانکێل بە خراپی تووشی نەخۆشی دەبێت و٢ـی جەنیوەری ١٨٩٦ لە خەستەخانەی ***لاری بوازییەری*** Lariboisiere پاریس دەخەوێندرێت. لە ٢٩ـی مارس هەر لەو شوێنە ژیان بە جێ دەهێلێت.

ڕۆژی ٢ـی ئەپریلی ١٨٩٦، لیئو فرانکێل لە گۆرستانی پێرلاشێز Pere Lachaise بە خاکی دەسپێرن. هاوڕێکەی ژیرۆ ڕیشارد Richard Gerault وەسییەت نامەکەی دەخوێنێتەوە: هەر بەو شێوەیەی کە بە بیروباوەڕی ئازاد ژیام، دەمەوێت هەر بەو شێوەیەش بمرم، کەواتە داوا دەکەم چی لە کاتی مردنەکەم و چی لە کاتی بە خاکسپاردنەکەم بە ***بیانووی ڕزگاری ڕۆحم*** هیچ قەشەیەک لە هیچ کڵێسایەک نزیکی من نەبێتەوە ... بە خاکسپاردنەکەم دەبێت هەر بە ڕادەی بە خاکسپاردنی ئەو کەسانەی کە لەبەر برسێتی مردوون سادە بێت. تەنیا جیاوازییەک کە داواتان لێ دەکەم ئەمەیە کە جەستەم لە ئالایەکی سوور بپێچن، ئالای پرۆلیتاریای ئینتەرناسیۆناڵ کە بە بۆنەی ڕزگاری ئەوانە باشترین بەشی ژیانم بەختکرد و هەمیشە ئامادە بووم گیانم فیدا بکەم.

## شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لە ناو شەقامەکانی پاریسدا خەڵتانی خوێنکرا، بەلام بوویە مێژوویەکی پرشنگدار بۆ خەبات و شۆڕشی سۆشیالیستی جیهان

## له بەڵگەنامەکانی کۆمۆنی پاریس



*Barricade du Faubourg Saint-Antoine où fut blessé Frankel.*

N° 196 — RÉPUBLIQUE FRANÇAISE — N° 196

LIBERTÉ — ÉGALITÉ — FRATERNITÉ

# COMMUNE DE PARIS

**La Commission exécutive**

**ARRÊTE :**

**ART. 1er. La sortie des marchandises de transit de toute nature est autorisée à dater de ce jour.**

**ART. 2. Sont exceptées de cette disposition, les farines, les armes et munitions de guerre.**

Fait à Paris, le 25 avril 1871.

*La Commission exécutive :*

JULES ANDRIEU, CLUSERET, COURNET, FRANKEL, PASCHAL GROUSSET, JOURDE, PROTOT, VAILLANT, VIARD.

1 IMPRIMERIE NATIONALE. — Avril 1871.



# RÉPUBLIQUE FRANÇAISE

*Liberté. — Égalité. — Fraternité*

# Association Internationale
## DES TRAVAILLEURS
### CONSEIL FÉDÉRAL DES SECTIONS PARISIENNES
### Chambre Fédérale des Sociétés ouvrières

TRAVAILLEURS,

Une longue suite de revers, une catastrophe qui semble devoir entrainer la ruine complète de notre pays, tel est le bilan de la situation créée à la France par les gouvernements qui l'ont dominée.

Avons-nous perdu les qualités nécessaires pour nous relever de cet abaissement? Sommes-nous dégénérés au point de subir avec résignation le despotisme hypocrite de ceux qui nous ont livrés à l'étranger, et de ne retrouver d'énergie que pour rendre notre ruine irrémédiable par la guerre civile?

Les derniers événements ont démontré la force du peuple de Paris, nous sommes convaincus qu'une entente fraternelle démontrera bientôt sa sagesse.

Le principe d'autorité est désormais impuissant pour rétablir l'ordre dans la rue, pour faire renaître le travail dans l'atelier, et cette impuissance est sa négation.

L'insolidarité des intérêts a créé la ruine générale, engendré la guerre sociale: *c'est à la liberté, à l'égalité, à la solidarité qu'il faut demander d'assurer l'ordre sur de nouvelles bases, de réorganiser le travail qui est sa condition première.*

TRAVAILLEURS,

[illegible]

TRAVAILLEURS,

[illegible]

*Les Délégués présents à la Séance de nuit du 23 mars 1871 :*

Conseil fédéral des sections parisiennes de l'Association internationale :

AUBRY, BOUDET, CHAUDESAIGUES, COIFÉ, V. DEMAY, A. DUCHÈNE, DUPUIS, LÉO FRANKEL, H. GOULLÉ, LAUREAU, LIMOUSIN, MARTIN LÉON, NOSTAG, CH. ROCHAT

Chambre fédérale des Sociétés ouvrières :

CAMÉLINAT, DESCAMPS, EVETTE, GALAND, HAAN, HAMET, JANCE, J. LALLEMAND, LAZARE LEVY, PINDY, EUGÈNE POTTIER, ROUVEYROLES, SPOETLER, A. THEISZ, VERY

FICHE DE L'ASSOCIATION INTERNATIONALE DES TRAVAILLEURS ET DE LA CHAMBRE FÉDÉRALE DES SOCIÉTÉS OUVRIÈRE UE DE LA CORDERIE) EN DATE DU 23 MARS 1871. ELLE EXPOSE LES IDÉES POLITIQUES ET SOCIALES DE CES DEUX ORGANISATION ANT LES ÉLECTIONS (ARCHIVES DE LA SEIN

N° 194 **REPUBLIQUE FRANÇAISE** N° 194

LIBERTÉ — ÉGALITÉ — FRATERNITÉ

# COMMUNE DE PARIS

# AU PEUPLE DE PARIS

Il y a sept mois à peine, nos frères de Neuilly venaient demander aux remparts de Paris un abri contre les obus prussiens.

A peine revenus dans leurs foyers, c'est par les obus français qu'ils sont pour la deuxième fois chassés.

Que nos bras et nos cœurs soient ouverts à tant d'infortune.

Cinq membres de la Commune ont reçu le mandat spécial d'accueillir à nos portes ces femmes, ces enfants, innocentes victimes de la scélératesse monarchique.

Les municipalités leur assureront un toit. Le sentiment de la solidarité humaine, si profond chez tout citoyen de Paris, leur réserve une hospitalité fraternelle.

Paris, le 25 avril 1871.

*La Commission exécutive,*

J. ANDRIEU, CLUSERET, FRANKEL, JOURDE, PROTOT, RAOUL RIGAULT, VAILLANT, VIARD.

1 IMPRIMERIE NATIONALE.— Avril 1871.